# سێ کات پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێمان دەکرد کە نوێژی تێدا بکەین، یان مردووەکانمانی تێدا بنێژین: لەو ماوەیەی خۆر خەریکە دەردەکەوێت هەتا بە تەواوی لە ئاسمان دیار دەبێت، وکاتێک خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندایە هەتا خەریکە لار دەبێتەوە، ولەو ماوەیەی خەریکە ئاوا دەبێت هەتا بە تەواوی دیار نامێنێت

لە عوقبەی کوڕی عامری جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سێ کات -سێ ماوە- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێمان دەکرد کە نوێژی تێدا بکەین، یان مردووەکانمانی تێدا بنێژین: کاتێک خۆر خەریکە هەڵدێت ودەردەکەوێت هەتا بە تەواوی لە ئاسمان دیار دەبێت، وکاتێک خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندایە (لە نیوەرۆدا) هەتا خەریکە لار دەبێتەوە (بەرەو ڕۆژئاوا)، وکاتێک خۆر خەریکە ئاوا دەبێت هەتا بە تەواوی دیار نامێنێت (هەتا خۆر بە کامڵی ون وئاوا دەبێت)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عوقبە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی سێ کات دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لە هاوەڵان کردووە کە نوێژی تێدا ئەنجامبدەن یان مردووەکان بنێژن، ولێرەدا مەبەست لە کات: ماوەیە، واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە شێوەیەکی توندی نەهی کردووە لە ئەنجامدانی نوێژ یان لە گۆڕدانانی مردوو لەم کاتانەدا. ماوەی یەکەم: کاتێک خۆر دەردەکەوێت هەتا بە تەواوی بەرز دەبێتەوە ولە ئاسمان خۆر بە کامڵی دیار دەبێت، ولە گێڕانەوەی تردا هاتووە: (فترتفع قَيْسَ رُمْحٍ أو رُمْحين) [رواه أبو داود]، واتە: (هێندەی ئەندازەی سێبەری ڕمێک بەرز ببێتەوە)، وئەم ماوەیەش بە ئەندازەی 15 خولەکە، واتا پاش 15 خولەک لە دەرچوونی خۆر ڕێگەدراوە بە ئەنجامدانی نوێژ ولە گۆڕدانانی مردووەکان. ماوەی دووەم: کاتێک خۆر لە بەرزترین لە ناوەڕاستی ئاسماندایە (لە بەرزترین شوێندایە) واتا لە نیوەی ڕۆژدا، ولەم کاتەدا وا دیارە کە وەستاوە بەڵام بە هێواشی دەجولێت ئەمیش ماوەیەکی کەمە پێش بانگی نیوەڕۆ، وئەم کاتە نزیکەی نێوان 10 بۆ 15 خولەکە پێش بانگدان بۆ نوێژی نیوەڕۆ، هەتا خۆر دەجووڵێت ولار دەبێتەوە بەرەو رۆژئاوا، وبە هەمان شێوە لەم ماوە کەمەدا نەهی کراوە لە نوێژکردن یان لە گۆڕدانانی مردووەکان. ماوەی سێیەم: کاتێک خۆر خەریکە ئاوا دەبێت، هەتا بە تەواوی بازنەی خۆی دیار نامێنێت لە ئاسماندا. ئەم سێ ماوەیە دوو شت تێیاندا قەدەغە کراوە: 1/ ئەنجامدانی نوێژی سونەت (نافیلە)، ئەگەرچیش ئەو نوێژانە بەهۆی هۆکارێکەوە ئەنجامبدرێت وەکو نوێژی (تحية المسجد)، ودوو ڕکاتی سونەتی پاش دەستنوێژگرتن، ونوێژی خۆرگیران، چونکە فەرموودەکە گشتییە، بەڵام ئەنجامدانی نوێژی فەرز ناگرێتەوە چونکە کاتەکەی دەردەچێت ودەبێت هەر ئەنجامبدرێت ئەگەرچیش ئەم فەرموودەیە گشتییە، وسەبارەت بە ئەنجامدانی نوێژی فەرز لەم کاتە نەهی لێکراوانەدا چەند فەرموودەیەک هەیە لەوانەش: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (مَن أدْرَكَ مِنَ العَصْرِ رَكْعَةً قَبْلَ أنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ، فقَدْ أدْرَكَ، ومَن أدْرَكَ مِنَ الفَجْرِ رَكْعَةً قَبْلَ أنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ فقَدْ أدْرَكَ.) [رواه مسلم]، واتە: (هەرکەسێک گەیشت بە ئەنجامدانی ڕکاتێکی نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا ببێت؛ ئەوا نوێژی عەسر ئەنجامداوە -فەرزەکەی لەسەر لاچووە-، وهەرکەسێک گەیشت بە ئەنجامدانی ڕکاتێکی نوێژی بەیانی؛ ئەوا نوێژی بەیانی ئەنجامداوە -فەرزەکەی لەسەر لاچووە)، هەروەها -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من نام عن صلاة أو نسيها فليصلها إذا ذكرها) [متفق عليه] واتە: (هەرکەسێک لە ماوەی ئەنجامدانی نوێژێک لە نوێژەکان خەوتبوو یان لەبیری چوو؛ ئەوا با نوێژەکەی ئەنجامبدات ئەگەر هەرکاتێک نوێژەکەی بیر کەوتەوە). 2/ لە گۆڕدانانی مردووەکان، نابێت

مردوو له گۆڕ دابنرێت لەم کاتانەدا چونکە نەهی کراوە لە دانانی مردووەکان لە گۆڕدا لەم کاتانەدا، وبۆیە چاوەڕێ دەکرێت هەتا کاتی نەهی کردنەوە نامێنیت وپاشان لە گۆڕ دادەنرێت، بەڵام ئەگەر پێش ئەوەی خۆر دەربچێت مردووەکەیان لە گۆڕ دانا پاشان بەهۆی هۆکارێکەوە دواکەوتن لە تەواوکردنی لە گۆڕدانانی وخۆر دەرچوو ئەوا بەردەوام دەبن لەسەر تەواوکردنی لە گۆڕ دانانی وناوەستن ئەگەرچیش کاتی نەهی کردن بێت، وبەهەمان شێوە بۆ ماوەکانی تر، چونکە مەبەستیان ئەوە نەبووە لە کاتی نەهی کردنە لە گۆڕ دایبنێن، هەروەکو ئەگەر کەسێک نوێژی سونەت ئەنجامبدات پێش کاتی نەهی کردن بەهۆی هۆکارێکەوە نوێژەکەی درێژتر بێتەوە ئەوا لێرەدا نوێژەکەی ناپڕێت وبەڵکو بەردەوام دەبێت، وبنچینەیەک هەیە لە لای زانایان -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- دەڵێت: (لێخۆشبوون هەیە بۆ کردەوەیەک کە لە پێش کاتی نەهی کردن ئەنجامبدرێت ولە کاتی نەهی کردن بەردەوام بێت بەهۆی هۆکارێکەوە، بەڵام لێخۆشبوون نییە بۆ کردەوەیەک لە کاتی نەهی کردن دەستپێبکات).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10604